تورکیا: پەکەکە یان چەکەکانیان دادەنێن و هادەست دەبن یان بەتەواوەتی لەناو دەچن

تورکیا هەرشەکانی خۆی بە سەر ڕۆژئاوای کوردستان چە دەکاتەوە و وەزیری بەرگری تورکیا جەختی کرد کە ئاشتی لەگەڵ پەکەکە و یەپەگە ناکرێت و شەڕی تورکیا تا لەناوچوونی تەواوی ئەو گرووپانە درێژی دەبێت.

وەزیری بەرگری تورکیا، یاشار گولەر بەرگری لە ئۆپراسیۆنی سەربازی تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد و جەختی کرد کە ئەو هەرشانە درێژی دەبێت.

ناوبراو ڕاشیگەیاند کە هێزەکانی تورکیا گورزی قورسیان لە هێزەکانی پەکەکە و یەپەگە داوە و هەرشە ئاسمانییەکانی ئەم دوایییش لە وڵام بە هەرشەکەی پەکەکە بە سەر ناوەندی پیشەیی بەرگری تورکیا بووە.

گولەر جەختی کرد: ئەمە هیچ بژاردەیەکمان بە ناوی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە نییە، ئەوان یان چەکەکانیان دادەنێن و هادەست دەبن یان بەتەواوەتی لەناو دەچن.

ناوبراو بە ئاماژە بە هەڕەشە دەرکییەکان، لە ئەگەری هەرشی ئیسرائیل بە سەر تورکیا هەواڵی دا و زیادی کرد: ئەگەری پەکدادانەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و ئێمە بە هەر جۆرە سیناریۆیەک ئامادە بین.